www.shallawonline.info.se



وێنەی دایکی شاڵاو

## دایە ... هۆنـــــــــــــراوەی شاڵاو علي . سوێد

دایە گیان دایەی شیرینم
ئەی دایەی عیشق وئەوینم

بێ تۆ من چیم ئەی دایە
چۆن بژیم بێ تۆو لای لایە

کوا لای لایەو دەنگی نەرمت
کوانێ خۆشی کۆشی گەرمت

تاکو ماوم لەو دونیایە
بۆ تۆ دەژیم تەنیا دایە

ئەگەر دوورم لە تۆ دایە
ژیانی من لە مەرگایە
باڵام گیانم وەک پەپوولە
هەمیشە لە سەر سەرتایە

لە باوەشی گەرمی تۆدا
فێری عەشقی نیشتیمان بووم
ئەورۆژانەی لە تۆ دوور بووم
لە ژیانم پەشیمان بووم

ڕۆحم کلۆڵ وبرینە
جەستەم ئاوارەی زەمینە
تانها دەنگێ تخوا دایە
ڕزگارم کە لەم هەودایە

هەر وەک چرۆی لێوی بەهار
ئاوارە بووم بە دەست ڕۆژگار
دەبێت ڕۆژێک بتبینمەوە
ئەی دایە گیان دایەی ئازار

دایە گیان دایەی شیرینم
دایەی قسە هەنگوینم

هۆ دایەی یەکەم نیشتیمان
هۆ ئارامگای دڵ و گیان

ئەی سۆزی گەرمی وڵاتم
ئەی خۆری لە دوور هەڵاتم
ئەی ژنە گەورەکەی دونیا
ئەی ڕوناکی ڕێگای هاتم

دایە گیان ئەی چرای ئارام
ئەی دوا لوتکەی هیواو مەرام

دایە گیان ئەی لێدانی دڵ
ئەی خۆشترین بۆنی لە گوڵ
حەز دەکەم ببمە قوربانیت
لە گیانشم بۆت ناکەم سڵ

ئەی پاکترین وشەی پاکم
مەزنترین عەشقی خاکم
دەستی پیرۆزی ژیانم
نوێنەرەکەی ڕێگای چاکم

ئەو کاتانەی دوورم لە تۆ
هەناسە سوارو داماوم
بەڵام کاتێ نزیکم لێت
هەست دەکەم تازە خولقاوم

هەر پێکەنینی دایکم بوو
بزەی دەخستە سەر لێوم
هەر کوردستان و دایکم بوو
منیان کردووە بە خێوم

دایە دایەی میهرەبانم
بەزەیی ترین ئینسانم
بێجگە لە تۆ کەس شک نابەم
ئەی زەردەخەنەو گریانم

بەشێکی ئەم هۆنراوە کراوە بە گۆرانی
لەلایەن هونەرمەند  زەکەریا